Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL For Languages and Humanities

**Aran Journal for Language and Humanities**

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-24

# کاریگەریی پرۆگرامی فێرکاریی تیچ (TEACCH) لەسەر گەشەپێکردنی توانای زمانی وەرگرتن لای منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم

## (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە نامەی ماستەر)

**نازەنین علی احمد، کەریم شریف قەرەچەتانی**

بەشی پەروەردەی تایبەت، پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان - عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **July, 2025** |
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | **Novemer, 2025** |

**Keywords**

**کاریگەری، پرۆگرامی تیچ (TEACCH)، زمانی وەرگرتن.**

**Corresponding Author**

Nazanin.16002906@univsul.edu.iq
Kareem.abdulla@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەریی پرۆگرامی فێرکاریی تیچ (TEACCH) لەسەر گەشەپێکردنی توانای زمانی وەرگرتن لای منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم لە پێش و دوای جێبەجێکردنی بەرنامەکە، زانینی جیاوازی لە کاریگەریی بەرنامەکە بەپێی ڕەگەزی کوڕ و کچ. توێژەر بۆ پشکنینی ئامانجەکانی توێژینەوەکە دوو گریمانەی دانا، یەکەمیان منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم دوای بەشداریکردنیان لە پرۆگرامی تیچ (TEACCH) بە بەراورد بە دەرئەنجامەکانیان لە پێش پرۆگرامەکە پێشکەوتنی بەرچاو لە دەرئەنجامەکانی گەشەپێدانی زماندا نیشاندەدەن. دووەمیان، کاریگەریی پرۆگرامی تیچ بەپێی ڕەگەز هیچ جیاوازییەکی نییە. سنووری توێژینەوەکە بریتییە لە سەنتەری پارێزگای سلێمانی، کۆمەڵگای توێژینەوەکە سەنتەری ئۆتیزمە لە پارێزگای سلێمانی، نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (١٥) منداڵی ئۆتیزم، کە (١١) کوڕ و (٤) کچن، تەمەنیان لە نێوان (٥-١٢)ساڵدایە، ئەم توێژینەوەیە بۆ ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) ئەنجامدراوە. لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر میتۆدی نیمچە ئەزموونی بەکارهێناوە، بە پشتبەستن بە یەک گرووپی ئەزموونی پێوانەکردنی (پێش و پاش)ی بەرنامەکە، ئامرازی توێژینەوەکە بریتیبوون لە پێوانکاری ( جیلیام)، کە سەرجەم ڕەهەندەکانی بە مەبەستی پشتڕاستکردنەوەی دەستنیشانکردنی منالانی نموونەی توێژینەوەکە بەکارهێنران ، هەروەها پێوانکاری فاینلاند - ڕەهەندەکانی زمانی وەرگرتن لە پێش و دوای جێبەجێکردنی بەرنامەکە بەکارهێنرا، پرۆگرامی تیچ (TEACCH) بەشی زمانەوانی، کە بەرنامە سەرەکییەکەی توێژینەوەکەیە، بە مەبەستی زانینی کاریگەرییەکەی لەسەر منداڵانی (نموونەی تویژینەوەکە) بەکارهێنرا. پاش ئەنجامدانی وردبینیی وەرگێڕان و دڵنیابوون لە ڕاستی و جێگیریی ئامرازەکانی توێژینەوەکە بەسەر نموونەکەدا جێبەجێ کران. بە مەبەستی چارەسەری ئاماری و شیکردنەوەی داتا و زانیاریی بەدەستهاتوو لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، توێژەر بەرنامەی ئاماری (SPSS)ی بەکار هێنا و لە کۆتایدا گەیشت بەو ئەنجامەی، کە پرۆگرامی تیچ ( TEACCH) کاریگەریی بەرچاوی لە گەشەپێکردنی زمانی وەرگرتنی منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم هەیە.

## پێشەکی:

مرۆڤ لە پەیوەندییەکانیدا ئامرازێکی گرنگ بەکاردەهێنێت، ئەویش زمانە، ئەگەر زمان نەبوایە مرۆڤ نەیدەتوانی بیروڕا و ئایدیا و هەستەکانی بۆ مرۆڤەکانی تر بگوازێتەوە، نەیدەتوانی لە ناو کۆمەڵگا جێگای خۆی بکاتەوە، وەک تاکێکی کارای ناو کۆمەڵگا سوودی هەبێت و بتوانێت سوودیش لە دەوروبەر وەربگرێت. زۆرێک لە منداڵان لە قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە و تەنانەت لە قۆناغی قوتابخانەش بە دەست کێشەی زمانەوە دەناڵێنن، هەندێک منداڵ لە تێگەیشتندا تووشی کێشە دەبنەوە، هەندێکی تریان لە دەربڕیندا کێشەیان هەیە، هەر تێکچوونێک لە زماندا کاریگەریی تەواوی لەسەر هەموو لایەنەکانی گەشەی منداڵ هەیە، هەروەها کاریگەری لەسەر پەیوەندیی کۆمەڵایەتی هەیە، بۆیە هەرکات کێشە لە زماندا هەبێت، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی ئەوکەسە لەگەڵ دەوروبەردا دەبێت.

توێژەر بەپێی ئەزموونی کارکردنی و ماوەی خوێندنی کۆرسەکان و سەردانیکردنی بۆ سەنتەرەکانی تایبەت بە منداڵانی ئۆتیزم و خوێندنەوەی چەندین سەرچاوە بۆیدەرکەوت، کە منداڵانی خاوەنپێداویستی تایبەت بە گشتی و منداڵانی ئۆتیزم بە تایبەتی کێشەی دواکەوتنی زمان و پەیوەندیی کۆمەڵایەتییان هەیە، ئەم جۆرە منداڵانە پێویستیان بە پرۆگرامی تایبەت و ڕاهێنانی گونجاو هەیە، توێژەر هەستی بە گرنگیی ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی پرۆگرامی تیچ(TEACCH) کرد، چونکە پرۆگرامێکی جیهانییە و کاریگەرییەکەی لە هەموو جیهان و وڵاتانی عەرەبی پشتڕاستکراوەتەوە، لە کوردستاندا زۆر گرنگی پێنەدراوە، توێژینەوەی زۆری لەسەر نەکراوە، بۆیە بە گرنگی زانی بابەتی توێژینەوەکەی لەسەر ئەم پرۆگرامە ئەنجامبدات و هەوڵی تیشکخستنە سەر لایەنەکانی گەشەی زمان بدات، هەروەها ڕێگایەکی باش و بەرنامەیەکی باش هەڵبژێرێت، بۆئەوەی زانیاری لەسەر کۆبکاتەوە و توێژینەوەی لەسەر ئەنجامبدات، بە مەبەستی هاوکاریکردنی خێزان و منداڵانی خاوەنپێداویستی تایبەت بە گشتی و ئۆتیزم بە تایبەتی، بۆئەوەی بتوانن سوود لەم بەرنامەیە وەربگرن و لایەنی زمانیی ئەم منداڵانە بەرەوپێشبچێت.

توێژەر هەوڵیداوە کێشەی توێژینەوەکەی لە شێوەی پرسیاردا بخاتەڕوو: ئایا بەکارهێنانی پرۆگرامی تیچ (TEACCH) چ کاریگەرییەکی لەسەر گەشەی زمانی وەرگرتنی منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم هەیە؟

## کێشەی توێژینەوەکە:

یەکێک لە گرفتە گەورەکانی منداڵی خاوەنپێداویستی تایبەت بوونی کێشەیەکە، کە تاک نەتوانێت وەک هاوتەمەنەکانی سوود لە خۆشیەکانی ژیان وەربگرێت. لەم دواییانەدا زۆرێک لە شڵەژانە گەشەسەندنە دەمارییەکان زیادیکردووە، کە هۆکارەکانیان بە تەواوی زانراو نین، بەڵام تا ڕادەیەک ڕەنگە هەندێک لەو هۆکارانە نەبوونی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگا و دایک و باوک دەربارەی ئەم شڵەژانانە و گرنگینەدان بە دایک لە قۆناغەکانی (پێش دووگیانی، کاتی دووگیانی، دوای لەدایکبوون) بێت. لەگەڵ ئەوەی تووشبووانی ئۆتیزم لە هەموو لایەنەکانی ژیان پشتگوێخراون و وەک پێویست گرنگییان پێنادرێت، هەروەها خێزانەکانیش بە هەمانشێوە هیچ خزمەتگوزارییەک وەکو دابینکردنی سەنتەر و پرۆگرامی ڕاهێنانی تایبەت بۆ منداڵەکانیان دابیننەکراوە. توێژینەوەکان جەختیان لەسەر گرنگیی قۆناغەکانی سەرەتای تەمەنی منداڵ کردووەتەوە، گرنگی بە بەرنامەی دەستێوەردانی پێشوەختە بۆ هەرحاڵەتێک بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم قۆناغە گرنگە لە ژیانی منداڵدا داوە.

بۆیە لێرەدا توێژەر بە پێویستی دەزانێت، کە توێژینەوەیەک ئەنجامبدات، تا کاریگەریی بەرنامەی فێرکاریی تیچ لەسەر گەشەپێکردنی توانای زمانی (زمانی وەرگرتن) لای منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم بزانێت، بۆ ئەمەش بەرنامەی تیچ بەشی زمانی هەڵبژارد، ئەم بەرنامەیە بە زمانی کوردی کەمە، توێژەر ئەم بەرنامەی وەرگێڕاوە، بە سوود وەرگرتن لەو پەرتووکەی (پرۆگرامی فێرکاریی پەروەردەیی تیچ "TEACCH" بۆ منداڵانی ئۆتیزم- کۆپی عەرەبی)، هەروەها ووردبینی وەرگێرانی بۆ کراوە، بۆئەوەی بە باشترین شێوە بچێتە بەردەمی خوێنەران.

بەڕاستی ئۆتیزم کێشەیەکی سەرسوڕهێنەرە، چونکە منداڵی ئۆتیزم هیچ کەموکورییەکی لە ڕواڵەتی دەرەکییەوە پێوە دیارنیە و بە تەواوی ئاسایی دەردەکەون، بەم شێوەیە ئەستەمە لە یەکەم نیگادا بتوانرێت بناسرێنەوە، یان دەستنیشانبکرێن. ئەو کەسانە تووشی سەرسوڕمان دەکەن، کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، جا چ دایک و باوک بێت، چ پزیشک یان دەروونناس، یان چارەسەرکاری پیشەیی، منداڵی ئۆتیزم وەک کەسێکی ئامادەی نادیار وایە. ئەو بە جەستە ئامادەیە، بەڵام لە جیهانی تایبەتی خۆیدا ئامادە نییە، بە نیگاکانی کەسانی تر دەبینێت، بەڵام گرنگی بە دەوروبەر نادات و هەستیانپێناکات، ئەو منداڵێکە بە بێدەنگی هاواردەکات (عمر،٢٠١٢:١٣).

بێتوانایی لە دەربڕینی ئارەزوو و پێداوستییەکانی بە بەکارهێنانی زمان و نەتوانینی کارلێککردنیان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی منداڵی ئۆتیزم. بەو پێیەی بێتواناییەکی دیار لە دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پاراستنیان بە شێوەیەکی کارا هەیە، هەروەها تایبەتمەندن بە گۆشەگیری و ژیانکردن بە شێوەیەکی تایبەت و جیاواز. بۆئەوەی ئاگاداری ئەم منداڵانە بین، بەرنامەی پەروەردەیی و فێرکاری هەیە، تا منداڵی ئۆتیزم لەگەڵ هاوتەمەنە ئاساییەکانیدا پەیوەندیی زمانی و کارلێکی کۆمەڵایەتی بکات، لەوانە:

- پرۆگرامی شیکردنەوەی ڕەفتاری کردەیی ( برنامج تحليل السلوك التطبيقي **ABA**).
- پرۆگرامی سن-ڕایز ( البرنامج سن-رايز **Son-Rise**).
- پرۆگرامی تیچ ( برنامج تيتش **TEACCH**).

پرۆگرامی تیچ بە یەکێک لە بەربڵاوترین و بەرفراوانترین بەرنامەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵی ئۆتیزم دادەنرێت و پشت بە هەمان ئەو ستراتیجییانە دەبەستێت، کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی بەرنامەکانی چارەسەرکردن، هەروەها بەرنامەیەکی جۆراوجۆری دەستکاریکردنی ڕەفتارەکانی تێدایە، کە ئامانجی یارمەتیدانی منداڵانی تووشبوو بە ئۆتیزمە و لە لایەن ئێرک شوبلەر (ئيرك شوبلر "Erik Shopler") ئامادەکراوە، بەرنامەیەکە لەسەر بنەمای گونجاندنی ژینگەی منداڵ لە ڕێگەی چالاکی جۆراوجۆرەوە بنیادنراوە، ئاڕاستەی پزیشکانی پسپۆڕ و

دایک و باوکان دەکرێت، کۆمەڵێک کەسی شارەزا و پسپۆڕ کە بریتین لە (پەروەردەکاران، دەروونناسان، توێژەری کۆمەڵایەتی، بەخێوکاران) بە مەبەستی جێبەجێکردن و سەرکەوتنی چالاکییەکان هاوکاریدەکەن (کعیبوش، ٢٠١٩، ١٣-١٤).

## ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

١. زانینی کاریگەریی پرۆگرامی فێرکاریی تیچ (TEACCH) لەسەر گەشەپێکردنی توانای زمانی وەرگرتن لای منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم لە پێش و دوای جێبەجێکردنی بەرنامەکە.

٢. زانینی جیاوازی لە کاریگەریی بەرنامەکە بەپێی رەگەز(نێر، مێ).

## گرنگیی توێژینەوەکە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە بەوە بەدیاردەکەوێت، کە کێشەکانی زمان و ئاخاوتن بەشێکی گرنگن لە کێشەکانی منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم، توێژینەوەکە گرنگیی تەواوی هەیە، چونکە کێشەکانی زمان بەشێکی بەرچاو و گرنگن لە کێشەکانی ئەم گروپە، کە بەدەستیەوە دەناڵێنن. زۆربەی منداڵانی ئۆتیزم تێگەیشتنێکی سنوورداریان بۆ ئەو وشە و دەستەواژە زمانییانە هەیە، کە دەوروبەریان بەکاریاندەهێنن، هەربۆیە وەڵامدانەوەی دروستیان بۆ دەوروبەریان نییە و ناتوانن وەک پێویست پەیوەندییان لەگەڵ ببەستن، کە رەنگە بەرامبەرەکەیان بە جۆرێکی تر لێکدانەوە بۆ ئەو هەڵسوکەوتەیان بکات. ئەم کێشەیە ئەگەر چارەسەرنەکرێت لەگەڵ بەرەو پێشچوونی تەمەن خراپتر دەبێت و چارەسەری نیشانەکان قورستر دەبێت. بۆیە گرنگە هەوڵبدرێت چەندین توێژینەوە لەم بوارەدا بکرێت و هەوڵبدرێت دەرئەنجامەکانیان لەبەرچاوبگیرێن و کار بە راسپاردەکانیان بکرێت، لەبەرئەوەی دەرئەنجامی ئەم توێژینەوانە سوودی بۆ منداڵان و خێزانەکانیان و لە هەمانکاتدا پسپۆڕان و شارەزایانیش هەیە. دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت تێروانینێکی گرنگ بۆ راهێنەران و دایک و باوکی منداڵانی ئۆتیزم دابینبکەن. ئەوان دەتوانن تێبگەن، کە چۆن پرۆگرامی تیچ (TEACCH) دەتوانێت کاریگەریی ئەرێنی لەسەر گەشەی منداڵەکانیان هەبێت. لە هەمانکاتدا یارمەتی دامەزراوە پەروەردەیی و خزمەتگوزارییەکان دەدات، تا ئەم پرۆگرامە بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە، بەمەش باشتر پێداویستییەکانی منداڵی ئۆتیزم دابینبکەن.

### -گرنگیی تیۆری

١. دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت تێروانینێکی گرنگ بۆ راهێنەران و دایک و باوکی منداڵانی ئۆتیزم دابینبکەن. ئەوان دەتوانن تێبگەن، کە چۆن پرۆگرامی تیچ (TEACCH) دەتوانێت کاریگەریی ئەرێنی لەسەر گەشەی منداڵەکانیان هەبێت، ئەمەش وایان لێدەکات، کە پشتگیرییەکی تەواو لە ماڵەوە پێشکەش بە منداڵەکانیان بکەن و راهێنانەکان دووبارەبکەنەوە.

٢. پزیشکانی کلینیکی و چارەسەرکاران، کە لەگەڵ منداڵی ئۆتیزم کاردەکەن، دەتوانن سوود لەم توێژینەوەیە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە بەشە تایبەتەکانی پرۆگرامی تیچ (TEACCH) وەربگرن ،کە زۆرترین بەشدارییان لە گەشەپێدانی زماندا هەیە. ئەم زانیارییانە دەتوانن لە داڕشتنی ستراتیجی جێبەجێکردنێکی کاریگەرتر بۆ منداڵەکان یارمەتیانبدات.

٣. زانینی کاریگەریی پرۆگرامی تیچ (TEACCH) لەسەر بەرزکردنەوەی تواناکانی زمان دەتوانێت یارمەتی دامەزراوە پەروەردەیی و خزمەتگوزارییەکان بدات، بۆئەوەی ئەم پرۆگرامە بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە، بەمەش باشتر پێداویستییەکانی منداڵی ئۆتیزم دابینبکەن.

٤ . دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانن گاریگەرییان لەسەر پەرەپێدانی سیاسەت لە پەروەردەو چاودێری تەندروستیدا هەبێت و بڕیارەکان سەبارەت بە جێبەجێکردنی پرۆگرامی تیچ (TEACCH) لە سەنتەرو شوێنە کلینیکییەکان، کە بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەبێتە هۆی باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم. بە گشتی ئەم توێژینەوەیە توانای ئەوەی هەیە، بەشدارییەکی بەرچاو لە باشترکردنی کوالێتی ژیان و دەرئەنجامەکانی منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم بکات.

### -گرنگیی پراکتیکی:

١. ئەم توێژینەوەیە سودی بۆ پسپۆڕانی بواری پەروەردەی تایبەت و مامۆستا و راهێنەران هەیە، کە لەو بوارەدا کاردەکەن، سوود لەم بەرنامەیە بۆ بەرەوپێشبردن و گەشەپێکردنی لایەنی زمانیی منداڵانی ئۆتیزم وەربگرن.

٢. سوودی بۆ توێژەر هەیە، کە شارەزایی تەواو پەیدادەکات و دەبێتە کەسێکی پسپۆڕ لە بەکارهێنانی ئەم بەرنامەیە و شێوازی جێبەجێکردنی، هەروەها دەتوانێت سوود بە کەسانی تر بگەیەنێت، کە لەو بوارەدا کاردەکەن.

٣. سوودی بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کۆلێژ هەیە، کە بتوانرێت وەک سەرچاوەیەکی زانستی بەکاربهێنرێت.

٤. سوودی بۆ دایک و باوکانی منداڵانی ئۆتیزم هەیە، کە لە ماڵەوە ئەم بەرنامە جێبەجێبکەن.

## سنووری توێژینەوەکە (حدود البحث) :

بە گشتی سنووری توێژینەوەکە چەند لایەنێک لەخۆدەگرێت:

١. سنووری بابەتی توێژینەوەکە بریتییە لە کاریگەریی پرۆگرامی تیچ (TEACCH) لە گەشەپێکردنی توانای زمانی وەرگرتن لای منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم.

٢. سنووری مرۆیی ئەم توێژینەوەیە لەسەر نموونەیەک لە منداڵانی خاوەنپێداوستی تایبەت (ئۆتیزم)، کە تەمەنیان لە نێوان (٥-١٢)ساڵیدایە، دیاریدەکرێت.

٣. سنووری شوێنی سەنتەری ئۆتیزمە لە سەنتەری پارێزگای سلێمانی.

٤. سنووری کاتی ئەم توێژینەوەیە بۆ ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) لە ڕووی مەیدانییەوە جێبەجێدەکرێت.

## گریمانەی توێژینەوەکە:

گریمانەی یەکەم، منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم دوای بەشداریکردنیان لە پرۆگرامی تیچ (TEACCH) بە بەراورد بە دەرئەنجامەکانیان لە پێش پرۆگرامەکە پێشکەوتنی بەرچاو لە دەرئەنجامەکانی گەشەپێدانی زماندا نیشاندەدەن. گریمانەی دووەم، کاریگەریی پرۆگرامی تیچ بەپێی ڕەگەز هیچ جیاوازییەکی نییە.

## پێناسەی زاراوەکان:

**١. کاریگەری:** بە پێی (الدوسری، وەرگیراوە لە حمەسوور،٢٠٢٢:٧). زاراوەی کاریگەری لە توێژینەوە پەروەردەییە ئەزموونییەکاندا ڕادەی ئەوکاریگەرییە دەرئەبڕێت کە چارەسەری ئەزموونی وەک گۆڕاوێکی سەربەخۆ دەتوانێت لەسەر یەکێک لە گۆڕاوە پاشکۆکان هەیبێت. بەو مانایەی کە تا چەند بەرنامەی توێژینەوە پێشنیارکراوەکە ئامانجەکانی بەدەست دەهێنێت و ئەم کاریگەرییە لە ڕووی ئامارییەوە پشتڕاست دەکرێتەوە.

**٢. پرۆگرامی تیچ :** مێسیبۆڤ و شیا) پێناسەی تیچیان (TEACCH) بەم شێوەیە کردووە، تیچ (TEACCH) تەنها شێوازێک نییە بەڵکو فەلسەفەیەکی فێرکردنە بۆ تاکی تووشبوو بە شەبەنگی ئۆتیزم کە تیایدا گرنگی بە فێرکردنی ڕێکخراو و ڕێکخستنی ژینگە دەدات و لە هەمان کاتدا ڕێز لە شێوازی فێربوونی کەسی تووشبوو بە شەبەنگی ئۆتیزم دەگرێت (Mesibov and Shea,2010 )

**٣.زمانی وەرگرتن:** ئەو لایەنەی پرۆسەی پەیوەندیکردنە کە دڵنیایی دەدات لەوەی کەکەسەکە ئەو زانیاریانە وەردەگرێت و لێی تێدەگات کە پێشکەشی دەکرێت (الثبیق ئەوانی تر،٢٠١١: ١١٣).

## پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتی توێژینەوە:

## یەکەم/ پرۆگرامی تیچ (TEACCH) :

منداڵانی تووشبوو بە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم گروپێکن لە نیشانەکانیاندا تارادەیەک وەک یەکن، بەڵام لە تایبەتمەندییەکانیاندا جیاوازیی زۆریان هەیە، بەم پێیە دەبێت ئامانجەکان بەپێی پێداویستییە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕەفتارییەکانی ئەم منداڵانە دابنرێن، هەروەها بەرنامەی چارەسەری و فێرکاریی گرنگ بۆ چارەسەرکردن و دابینکردنی ئەم پێداویستییانە پەرەپێبدرێت، لەنێو ئەو بەرنامانەدا پرۆگرامی تیچ (TEACCH) هەیە، کە لە ڕێگەی چالاکییە پەروەردەییەکانیەوە کاریگەریی خۆی لە پەرەپێدانی هەموو کارامەییەکان سەلماندووە، ئەمەش ئەو بەرنامەیەیە، کە باسیدەکەین (اسمهان و رقیە،٢٠٢١: ٥٨).

تیچ (TEACCH) پرۆگرامێکی فێرکارییە تایبەتە بە منداڵانی تووشبوو بە شەبەنگی ئۆتیزم و ئەو خاوەنپێداویستییە تایبەتانەی هاوشێوەی شەبەنگی ئۆتیزم گرفتی پەیوەندییان هەیە، وەک یەکێک لە کاریگەرترین پرۆگرامەکانی فێرکاریی چارەسەری لە سەرانسەری جیهاندا لە زیاتر لە سیازدە وڵات کارییێدەکرێت. ئەم بەرنامەیە لەلایەن ئێریک شۆبلەر و هاوکارەکانی لە زانکۆی کارۆلینای باکوور لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا پەرەپێدراوە، کورتکراوەی دەستەواژەی ئینگلیزی (Treatment and Education of Autistic and Related Communication-handicapped Children) ە بە واتای پرۆگرامی چارەسەری و فێرکاریی منداڵانی تووشبوو بە شەبەنگی ئۆتیزم و ئەو خاوەنپێداویستییە تایبەتانەی هاوشێوەی شەبەنگی ئۆتیزم گرفتی پەیوەندییان هەیە. ئەم پرۆگرامە خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاریی تەکنیکی پێشکەش بە خێزانەکان و سەنتەرە تایبەتەکان و دامەزراوەکان دەکات ،کە لە بواری ئۆتیزم و خاوەنپێداویستی هاوشێوەدا کاردەکەن و گرنگییەکی زۆر بە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی پرۆسەی پەروەردەیی دەدات. کە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی لێهاتوویی ژیانی ڕۆژانە و لایەنی کۆمەڵایەتی، بە زیادکردنی ژمارەی ئەو هاندەرە بیراوانەی، کە تایبەتمەندی کەسی ئۆتیزمن (حسن و عامر، ٢٠٢٠: ١٢٧- ١٢٩).

پرۆگرامی تیچ (TEACCH) بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، لە سەرەتای شەستەکاندا لە ویلایەتی کارۆلینای باکوور لە ئەمریکا، کۆمەڵێک دەروونناس کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ منداڵانی ئۆتیزم و دایک و باوکیان بۆ پێشکەش کردنی کۆمەڵێک دەستیوەردانی چارەسەری لەسەر بنەمای دەروون دینامیک ڕێکخست. لەم کۆبوونەوەیەدا ئێرک شوبلەر (Schopler.E) مامۆستای زانکۆی باکووری کارۆلینا و دامەزرێنەری پرۆگرامی تیچ (TEACCH) ئامادەبوو، لە پرۆگرامە چارەسەرییە گرووپییەکەدا بەشداریکرد. لە سەرەتادا شۆپلەر و هاوەڵەکانی لێکۆڵینەوەیان لەسەر پەیوەندیی نێوان منداڵانی ئۆتیزم و دایبابانیان دەکرد. شایەنی باسە، لەو سەردەمەدا تێگەیشتنێکی هەڵە بۆ هۆکاری شڵەژانی ئۆتیزم هەبوو و باوەڕوابوو، کە پەیوەندی بە مامەڵەی ساردی دایبابانەوە هەیە. ئەوەی وای لە شۆپلەر و هاوەڵەکەی ڕێچلەر (R. Reichler) کرد، کە چرتر لە سەر ئەم بابەتە کاربکەن، شکستهێنانی پرۆگرامەکە بوو، ئەویش بەهۆی ئەوەی باری منداڵەکان بەرەو خراپتر دەچوون، بە جۆرێک ڕەفتارە نامۆکانیان توندتر دەبوو (کعیبوش،٢٠١٩: ٦٢)، هەوڵەکانی شۆپلەر ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان لە ئاڕاستەکردنی تێگەیشتنمان بۆ شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم بینی لە دەروون شیکارییەوە بۆ ڕوانگەیەکی گەشەپێدان و پەروەردەیی و ناساندنی شەبەنگی ئۆتیزم وەک کێشەیەکی دەماری، کە پێویستی بە پاڵپشتی تایبەت هەیە (Mesibov.G & Shea,V.,2010)، شوبلەر و هاوکارانی لە هەوڵەکانیان

بەردەوامبوون و لە ساڵی (١٩٨٢) یەکەم بەشی فێرکردنی پرۆگرامەکەیان پێکهێنا،کە یەکەم بەرنامەی حکومەتی ئەمریکا بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکردن و لێکۆڵینەوە لە پەروەردەکردنی منداڵانی تووشبوو بە ئۆتیزم و خێزانەکانیان بوو. ئەمەش بەرنامەکەی بەناوبانگکرد، تا ئەو ئاستەی زانایانی وەک (Mesibov) پرۆگرامەکەی بە تاکە بەرنامەی یاسایی ئۆتیزم وەسفکرد، کە خزمەت بە کەسانی ئۆتیزم و خێزانەکانیان دەکات.

وەک یەکێک لەو بەرنامە کاریگەرانەی، کە بۆ بەرەوپێشبردنی گەشەی منداڵانی ئۆتیزم و ئەو منداڵانەی هاوشێوەی ئەوان کێشەی پەیوەندییان هەیە، دادەنرێت. چەندین ئامانجی گرنگ لەخۆدەگرێت، لەوانە:

١. هەوڵدەدات پلانێکی تۆکمە بۆ بەرنامەی پەروەردەیی تاکەکەسی بۆ منداڵانی شەبەنگی ئۆتیزم و ئەو منداڵانەی وەک ئۆتیزم کێشەی پەیوەندییان هەیە، دابنێت.

٢. بەدەستهێنانی توانا و لێهاتووی لە لای منداڵەکان بۆ خۆگونجاندنیان لەگەڵ ژینگەدا.

گرنگە ئەوە بخرێتەڕوو، کە پرۆگرامی تیچ (TEACCH) پشت بە چەند بنەمایەک دەبەستێت لەوانە: یەکەم، لە ڕێگەی درکپێکردنی بینینی منداڵەکە خاڵە بەهێزەکانی دەستنیشاندەکرێت و بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی ئاستەکانیان لە گشت لایەنەکان جەختدەخرێتە سەریان. دووەم، ڕێکخستنی ژینگەی منداڵەکە بۆ قەرەبووکردنەوەی خاڵە لاوازەکانی. سێیەم، بەکارهێنانی ئامێرە بینراوەکان (وەک وێنە و وشە) (الحیدر، ٢٠١٣: ١٢٠). ئەم پرۆگرامە لەسەر چەند پایەیەکی بنەڕەتی وەستاوە، کە لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئاماژەیانپێدراوە (محمد ،٢٠٢٢: ١٠٣):

| خشتەی ژمارە (١) - پایە بنەڕەتییەکانی پرۆگرامی تیچ (TEACCH) |
|---|
| فێرکردنی بینراو |
| دروستکردنی ڕۆتینێکی جێگیر |
| ڕێکخستنی ئەرکەکان |
| خشتە بینراوەکان |
| ڕێکخستنی ژینگەی فیزیکی |

## دووەم/ زمانی وەرگرتن:

هەندێک کەس لە زمانی وەرگرتن تووشی کێشە و ئاستەنگ دەبنەوە، کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەربڕین و پەیوەندییان لەگەڵ دەورووبەر دروستدەکات، منداڵانی ئۆتیزم بە هەمانشێوە ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی زمان دەبنەوە ،کە قورسییان لە دەربڕینی پێداویستییەکانیان و پەیوەندیکردن و تێکەڵبوون لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگە و دەوروبەریان بۆ دروستدەکات (منیب و ئەوانی تر ،٢٠١٢: ٢٢٧). چەمکی زمان بووەتە جێی سەرنجی زۆربەی زانایان و گەشەکردنی هەموو لایەنەکانی (مەعریفی، هەڵچوونی، کۆمەڵایەتی، ڕەفتاری) لای منداڵان بە فێربوونی زمانەوە بەستراونەتەوە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە ئەم جیاوازییە بەهۆی ئاڵۆزیی پرۆسە زمانییەکان و زۆری ئەو

ئەرکانەیە، کە بە هۆی زمانەوە ئەنجامدەدرێن، ئەم گرنگییە زۆرەی پێدراوە، هەروەها بە هۆی ئاڵۆزیی ئەو پرۆسە دەروونیانەی، کە لە تێگەیشتن لە پرۆسەی زمان بەشدارن، ئەمانەش هەموویان لەوە دڵنیاماندەکاتەوە، کە چەمکی زمان چەمکێکی بنەڕەتییە، بۆیە سەرنجی هەموو زانایان و شارەزایانی ئەم بوارەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە (اخرس و سلیمان و المولی، ٢٠١٧: ٤٠).

زمانی وەرگرتن پشت بە هەستی بیستن دەبەستێت، ئەگەر ئەم هەستە بێ کێشە بێت، ئەوا قۆناغی کۆرپەلە وەک پێویست دەست بە چالاکییەکانی دەکات، گەشەسەندنی زمان لە یەکەم کارامەیی زمانەوە دەستپێدەکات، کە بریتییە لە لێهاتوویی وەرگرتنی دەنگەکان، گرنگیدانیان، پاشان هەستکردنیان وەک پیت و وشە و ڕستە. زمانی وەرگرتن تێگەیشتنە دەروونی و فیکرییەکان پەرەپێدەدات و تەواویاندەکات، زمانی وەرگر لە ناوەکەیەوە دیارە بووەتە هەوێنی وەرگرتن و فێربوون، هەروەها کارامەییەکانی زمان زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە، کە ڕۆژانە پراکتیزە دەکرێن (الانصاری و وصیاح، ٢٠٢١: ٨). فەتیحە (٢٠٠٣) پێناسەی زمانی وەرگرتنی کردووە، کە بریتییە لە توانای کەسی گوێگر بۆ تێگەیشتن لەوەی  دەیبیستێت و وەری دەگێڕێت بۆ واتا و مانا، ئەمەش پێویستی بە توانایەکی باڵا لە تەرکیز کردن دوور لە سەرقاڵی دەروونی هەیە. زۆربەی زانایان سەبارەت بە قۆناغەکانی گەشەکردنی زمان لەسەر ئەوە کۆکن، کە زمان لە لای منداڵانی ئاسایی لە ١٥ مانگییەوە دەردەکەوێت، بەڵام ئەو منداڵانەی کێشەی دواکەوتنی ژیرییان هەیە، لە ٣٨ مانگییەوە دەردەکەوێت، لە هەمانکاتدا زانایان و شارەزایان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە لە تەمەنی (٧-٩) مانگیدا  هەردوو پرۆسەی وەرگرتن و دەربڕین لە یەک ئاستدا دەبن، بە بۆچوونی پیاجیە زمان دوو لایەنی هەیە (حەمەسوور،٢٠٢٢: ١٧):

١. ئەو زمانەی ،کە تایبەتە بە خود، واتە گفتوگۆی دووبارە لەگەڵ خوودی خۆی.

٢. زمانی کۆمەڵایەتی، واتە گفتوگۆ و ئاخاوتن لەگەڵ کەسانی بەرامبەردا.

سەبارەت بە منداڵانی ئۆتیزم هێشتا قۆناغی یەکەمیان تێنەپەڕاندووە، واتە زمانی تایبەت بە خود. لە قۆناغەکانی گەشەکردنی زماندا چەند هۆکارێک کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی فێربوونی زمانی منداڵان هەیە، ئەم هۆکارانە پێکەوە کارلێکدەکەن، تا ڕۆڵیان لەسەر ئەدای زمانی و نازمانی منداڵەکە هەبێت، ئەم هۆکارانەش بەسەر هۆکاری تاکەکەسی (بۆماوەیی) و هۆکاری ژینگەیی (کۆمەڵایەتی) دابەشداکرێن. هۆکاری

تاکەکەسی (بۆماوەیی) لە هەردوو فاکتەری (ڕەگەزی و زیرەکی)دا خۆی دەبینێتەوە، مەبەست لە فاکتەری ڕەگەزی جیاوازیی زمانییە بە پێی ڕەگەز، بەو واتایەی کچان لە دەستکەوتی زمانی و لایەنە جیاوازەکانی گەشەسەندنی زمانیدا لە کوڕان باشترن، فاکتەری زیرەکی دەستکەوتی زمانی منداڵان پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ ئاستی زیرەکییاندا هەیە، تا ئەو ڕادەیەی دەروونناسەکان وەک بنەمایەک بۆ پێوانەکردنی زیرەکی منداڵان بە کاریدەهێنن. هۆکاری ژینگەیی (کۆمەڵایەتی) ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە دیاریکردنی ئەدای زمانی منداڵدا دەگێڕن، لە گرنگترین ئەم هۆکارانەش بریتین لە ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابوریی خێزان و قسەکردن لەگەڵ منداڵ لە کاتی یاریکردندا (واتە کاتێک دایک و باوک لە کاتی یاریکردن قسە لەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن، قسەکردنێکی سادە و ئاسان، کە لە ڕستەی کورت و زۆر ڕوون پێکهاتووە) (فاضل،٢٠١٥: ٦٥-٦٦).

## سێیەم/ شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم:

ئۆتیزم لە توێژینەوە دەروونی و پەروەردەییەکاندا گرنگیی تەواوی پێدەدرێت، لەبەرئەوەی لەسەر ئاستی هەموو جیهان بە شێوەیەکی بەرچاو بڵاوبووەتەوە. گرنگە هەوڵبدرێت هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بەم شڵەژانە ئاشنابکرێن، بۆئەوەی بتوانرێت لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بەرنامەی تایبەت بە مەبەستی گەشەکردنی منداڵەکە تا ئەوپەڕی تواناکانی لە گشت لایەنەکانەوە بۆ دابنرێت. شایەنی باسە، کۆمەڵەی ئۆتیزم پێناسەی شڵەژانی ئۆتیزمیان وەک شڵەژانێکی گەشەسەندووی دەماریی قورسکردووە، کە بە درێژایی ژیان بەردەوامدەبێت و بە شێوەیەکی گشتی لە سێ ساڵی یەکەمی ژیاندا دەردەکەوێت. ئۆتیزم کاریگەری لەسەر گەشەکردنی ئاسایی ئەو بەشانەی مێشک هەیە، کە کۆنترۆڵی ئەم سێ لایەنەی لای خوارەوە دەکەن (القمش و الجوالده، ٢٠١٤: ٢٦٨):

- پەیوەندیی زارەکی و نازارەکی **Verbal and non-verbal-Communication**
- کارلێکی کۆمەڵایەتی **Social Interaction**
- گەشەکردنی هەستەکان **Sensory Development**

مێژووی گەشەسەندن و ناساندنی شڵەژانی ئۆتیزم دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو زانا لیو کانەر Leo Kanner، کە لە نێوان ساڵانی (١٨٩٤-١٩٨١) ژیاوە و هانز ئەسپەرگەر Hans Asperger، کە لە نێوان ساڵانی (١٩٠٦-١٩٨٠) ژیاوە، ئەو دوو توێژەرە لە ناوەڕاستی جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵانی ١٩٤٠ دا لەو سەردەمەی جیهان پڕبوو لە گێژاو و ئاژاوە قسەیان لەسەر ئەم شڵەژانە کرد و لێکۆڵینەوەیان لەو بارەیەوە کرد، سەرەتا لە ئەوروپا و ئەمریکا دواتر لە هەموو جیهاندا، کانەر یەکەم کەس بوو باسی لە سیفەت و تایبەتمەندییەکانی ئۆتیزم و کاریگەرییە بەرچاوەکانی لەسەر ژیانی تاک کرد .

سەرەتا بەهۆی نارِوونی ئەم شڵەژانەوە هەندێک ئەفسانە سەریانهەڵدا، یەکێک لەو ئەفسانانە دەیگوت، کە ئۆتیزم بەهۆی ئەزموونێکی ئازاربەخشی منداڵییەوە وەک ڕەتکردنەوەی توند لە لایەن خێزان و کۆمەڵگاوە دروستبووە، بەو هۆیەوە منداڵەکە گۆشەگیر بووە و تووشی ئەم گرفتە بووە. یان ئۆتیزم لە ئەنجامی مامەڵەی ساردی دایک و باوکەوە بووە، واتە دایک و باوکی منداڵەکە سۆز و خۆشەویستی تەواویان بە منداڵەکەیان نەداوە، بۆیە تووشی ئەم شڵەژانە بووە. ئۆتیزم تا ساڵی ١٩٦٤ لەم ئەفسانانەدا گیریخوارد، پاشان توێژەران بە شێوازێکی دووردرێژ لێکۆڵینەوەیان لەسەر لایەنی مەعریفی و زمان و قسەکردن و یادەوەری و درکپێکردنی ئەم منداڵانە کرد، ئەم توێژینەوانە دوو بیرۆکەی سەرەکییان پوچەڵکردەوە (البحيرى و امام، ٢٠١٩: ٢٦-٢٧).

## ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە:

## یەکەم/ میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر میتۆدی نیمچە ئەزموونی لە مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕاوەکان بەپێی ئەو گریمانانە بەکارهێناوە، کە توێژەر هەوڵی بەدەستهێنانی ئاستی دروستیان دەدات، گونجاوییەکەی لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە و گۆڕاوەکانی و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی، کە بریتییە لە گەشەپێکردنی زمانی وەرگرتن بە بەکارهێنانی پرۆگرامی تیچ (TEACCH)، توێژەر پشتی بە دیزاینی پێوانکاری پێشوەختە (اختبار قبلی (Pre-test)و پێوانکاری دوایی (اختبار البعدی)، (Post-test) بەستووە، ئەم میتۆدە پشت بە یەک کۆمەڵەی تاقیکاری دەبەستێت، کە پێوەری گەشەی زمانی لە پێش و دوای جێبەجێ کردنی پرۆگرامی تیچ (TEACCH) بەسەردا تاقیدەکرێتەوە، جیاوازیی نێوان ئەنجامەکانی هەردوو تاقیکردنەوەکە ئاماژەیە بۆ کاریگەریی پرۆگرامەکە لەسەر کۆمەڵەکە.

## دووەم/کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سەرجەم منداڵانی ئۆتیزم لە سەنتەر و پەیمانگا و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە منداڵانی ئۆتیزم لە شاری سلێمانی، تا ئێستا ئامارێکی فەرمی لە هەرێمی کوردستاندا سەبارەت بە منداڵانی ئۆتیزم لەبەردەستدا نییە وەک کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.

## سێیەم/ نموونەی توێژینەوەکە:

توێژەر بە مەبەستی دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکەی سەردانی (سەنتەری ئۆتیزمی سلێمانیی حکومی) کرد، کە تایبەتە بە منداڵانی ئۆتیزم لە تەمەنی (٣-١٢) ساڵان و نموونەی توێژینەوەکەی دەستنیشانکرد، کە پێکهاتووە لە (١٥) منداڵی ئۆتیزم لە نێوان تەمەنی (٥-١٢) ساڵیدا. توێژەر نموونەیەک لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە سەنتەری ئۆتیزم هەڵبژاردووە، کە تایبەتە بە منداڵانی

ئۆتیزم؛ نموونەکە (١١) نێر و (٤) مێی لەخۆگرتبوو، نموونەی توێژینەوەکە پێشتر لە لایەن لیژنەی پزیشکی هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە و بە ئۆتیزم دەستنیشانکراون، بەڵام ئاستەکانیان جیانەکرابوونەوە، هەر منداڵییەوە لەسەنتەر فایلی تایبەت بە خۆیان هەیە و راپۆرتی لیژنەی دەستنیشانکردنیان هەیە.

## چوارەم/ ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

### ا. پێوانکاری جیلیام بۆ دەستنیشانکردنی ئۆتیزم (G.A.R.S 3):

ئەم پێوانکارە بۆ دەستنیشانکردنی ئۆتیزم بەکاردەهێنرێت، کە تەمەنیان لە نێوان (٣-٢٢) ساڵیدایە، کە بە دەست کێشەی رەفتاری قورسەوە دەناڵێن؛ ئەم پێوانکارە بۆ یارمەتیدانی کەسانی پسپۆرە لە دەستنیشانکردنی ئۆتیزم. برگەکانی ئەم پێوەرە رەوایەتیی رووخساری روون و بەهێزیان هەیە، چونکە لەسەر بنەمای پێناسەی ئۆتیزمە، کە لە لایەن کۆمەڵەی ئۆتیزمی ئەمریکییەوە دانراوە، هەروەها لەسەر پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی شڵەژانی ئۆتیزمە، کە لە لایەن کۆمەڵەی دەروونی ئەمریکی لە دەستنووسی دەستنیشانکردن و ئاماری تێکچوونە دەروونییەکان دانراوە (Gilliam,J.,2014). توێژەر ئەم پێوانکارە بە مەبەستی دڵنیابوونەوە لە دەستنیشانکردنی منداڵەکە، کۆپیە ئینگلیزیەکەی بەکارهێناوە، راستی و دروستی وەرگێرانی بۆ ئەنجامداوە. شایەنی باسە، کۆی گشتی برگەکانی ئەم پێوانکارە (٥٨) برگەیە، کە بەسەر شەش رەهەنددا دابەشبووە.

### ب. پێوانکاری فاینلاندی ٣:

توێژەر پێوانکاری فاینلاند - رەهەندی زمانی وەرگرتنی بۆ پێوانەکردنی ئاستی زمانی وەرگرتن لە پێش جێبەجێکردنی بەرنامەکە (Pre-test) دوای جێبەجێکردنی بەرنامەکە (Post-test) بە مەبەستی دڵنیا بوون لە کاریگەریی بەرنامەی دەستنیشانکراو بەکارهێناوە. شایەنی باسە، رەهەندی زمانی وەرگرتن لە (٣٩) برگە پێکهاتووە ((Sparrow,s., Cicchetti, D., & Saulneir, C.,2016).

### پ. راهێنانی پرۆگرامی تیچ (TEACCH)

بەرنامەیەکی پەروەردەیی کاریگەرە، کە ئامانجی یارمەتیدانی منداڵانە، تا لە رێگەی یارمەتیدانیان بۆ بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی باشتر لە جیهانی دەوروبەریان فێری سەربەخۆی زیاتر ببن. پرۆگرامی تیچ گرنگی بە پەرەپێدانی تواناکانی پەیوەندیکردن و سەربەخۆیی کەسی دەدات، هەنگاو بە هەنگاو لە رێگەی بەرنامەیەکی پەروەردەیی رێکخراو، کە پێشبینیکردن و کۆنترۆڵکردن لەخۆدەگرێت. ئەم بەرنامەیە لە لایەن ئێرک شوبلەر و هاوکارەکانی لە ساڵی ١٩٦٤ لە زانکۆی کارۆلینای باکور لە ئەمریکا دامەزراوە (بن قطاف و بعیطاوی، ٢٠٢١:٩٤٧). پرۆگرامی تیچ کۆمەڵێک راهێنانی فێرکارییە کە بە شێوازی تاکەکەسی جێبەجێدەکرێت، نزیکەی (٢٩٦) راهێنانە لە یانزە رەهەندی جیاوازدا وەک لەم خشتەیەی خوارەوە روونکراوەتەوە:

**خشتەی ژمارە (٢) – خشتەی رەهەندەکانی پرۆگرامی تیچ (TEACCH)**

| ژ | رەهەند | ژمارەی راهێنان |
|---|---|---|
| ١ | لاسایکردنەوە | ٢٧ راهێنان |
| ٢ | درکپێکردنی هەستی | ٢٣ راهێنان |
| ٣ | جوولەی گشتی | ٤٣ راهێنان |
| ٤ | جوڵەی ورد | ٢٦ راهێنان |
| ٥ | هەماهەنگیی نێوان دەست و چاو | ٣٩ راهێنان |
| ٦ | درکپێکردنی مەعریفی | ٣٢ راهێنان |
| ٧ | توانستی زمان | ٣٥ راهێنان |
| ٨ | سەربەخۆیی | ١٩ راهێنان |
| ٩ | هۆگربوونی کۆمەڵایەتی | ٢٣ راهێنان |
| ١٠ | رەفتار | ٢٨ راهێنان |
| ١١ | دروستکردنی کەیس | ١ راهێنان |
| | **کۆی گشتی** | ٢٩٦ راهێنان |

## پێنجەم/ رێکارییە پراکتیکییەکان بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامی تیچ:

جێبەجێکردنی بەرنامەی تیچ (TEACCH) چەند رێکارێک لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیە؛ کە هەریەکەیان بەوردی لە خوارەوە باسدەکرێن:

- ناوەڕۆکی پرۆگرامەکە.
- ئەو رێگا و ستراتیژیانەی لە پرۆگرامەکەدا بەکارهاتوون.
- ئەو ئامراز و کەرەستانەی لە پرۆگرامەکەدا بەکارهاتوون.
- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە.

- شوێنی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە.
- هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکە.
- وردبینی و وەرگێڕانی پێوانکارەکان و پرۆگرامەکە.
- شێوازی نمرەپێدانی پێوانکارەکان.

## ناوەرۆکی پرۆگرامەکە:

لەبەر رۆشنایی شارەزایی توێژەر لە ناوەرۆکی پرۆگرامی تیچ (TEACCH)، بەشی توانستی زمان، کە (٣٥) ڕاهێنانی لەخۆگرتبوو و هەر ڕاهێنانێک (٣٠) خولەک بوو. توێژەر لە ڕۆژێکدا (٤) کاتژمێر و لە هەفتەیەکدا (٥) ڕۆژ بەرنامەکانی لەگەڵ منداڵەکان جێبەجێدەکرد، لەبەرئەوەی ژمارەی منداڵەکان (١٥) منداڵ بوو، بۆیە توێژەر بۆ تەواو کردنی هەموو ڕاهێنانەکان بە شێوەیەکی گونجاو پێویستی بە (٧٠) ڕۆژ هەبوو، کە دەکاتە سێ مانگ و نیو. ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە بۆ سێ قۆناغ دابەشکرابوون:

### آ. قۆناغی سەرەتایی:

قۆناغی سەرەتایی بریتیی بوو لە وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی لە لایەنی پەیوەندیدار، چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرو توێژەری سەنتەری دەستنیشانکراو، دەستنیشانکردنی نموونەی توێژینەوەکە و دروستکردنی گروپێکی ئۆنلاین بە بەشداری توێژەر و دایک و باوک بۆ ئاگادار بوون لە ڕاهێنانەکان بە مەبەستی دووبارەکردنەوەیان لەگەڵ منداڵەکە لەماڵەوە.

### ب. قۆناغی جێبەجێکردن:

ئەم قۆناغە لە بەرنامەی چارەسەری فێرکاریی تیچ (TEACCH) بەشی توانستی زمان بۆ گەشەپێکردنی توانای زمانی وەرگرتن لە لای منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم پێکدێت. بەرنامەکە وەک پێشتریش ئاماژەپێیکرا سێ مانگ و نیوی خایاند و دایک و باوک ڕۆڵی گرنگ و تایبەتیان لە دووبارەکردنەوەی ڕاهێنانەکان لە ماڵەوە هەبوو.

### ج. قۆناغی هەڵسەنگاندن:

جێبەجێکردنی بەرنامەکە چوار قۆناغی هەڵسەنگاندن لەخۆدەگرێت:

یەکەم/ هەڵسەنگاندنی سەرەتایی: توێژەر ئەم هەڵسەنگاندنەی بە گرنگ زانی، لەبەر ئەو هۆکارانەی لە سەرەوە باسکراون، تا وەک بەڵگەیەک بۆ ئاستی زمانی (وەرگرتن ) ی منداڵەکان لە پێش وەرگرتنی ڕاهێنانەکان لەبەردەستبێت، پێوانکاری فاینلاند – ڕەهەندی زمانی وەرگرتنی بۆ مەبەستی پێوانەکردنی ئاستی توانستی زمانی منداڵانی نموونەی توێژینەوەکە بەکارهێنا.

دووەم/ هەڵسەنگاندنی پێکهێنەر: توێژەر ئەم هەڵسەنگاندنەی بە مەبەستی زانینی ئاستی سوودمەندی منداڵەکان لە ڕاهێنانەکاندا وەک فیدباکێک بەکاردەهێنا، تا توێژەر بزانێت، ئایا بەو شێوازە بەردەوامبێت، یان لە شێوازی جێبەجێ کردنی پرۆگرامەکە بەو جۆرەی بۆ منداڵەکە گونجاوە گۆڕانکاریبکات؟

سێیەم/ هەڵسەنگاندنی کۆتایی: توێژەر ئەم هەڵسەنگاندنەی ئەنجامدا، تا ئاستی سوودمەندی منداڵەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە دوای تەواوبوونی هەموو ڕاهێنانەکان بزانێت، واتە بە گشتی ئاستی کاریگەریی بەرنامەی دەستنیشانکراو لە گەشەپێکردنی زمانی وەرگرتن لای منداڵانی نموونەی توێژینەوەکە بزانێت و بیسەلمێنێت.

چوارەم/ هەڵسەنگاندنی بەدواداچوون: توێژەر بە گرنگی دەزانێت، پاش ماوەیەک دووبارە هەڵسەنگاندن بۆ لایەنی زمانی وەرگرتنی منداڵانی نموونەی توێژینەوەکە بکات، بۆئەوەی دڵنیا بێت، کە ئەو منداڵانە سوودی تەواویان لەو ڕاهێنانانە بینیوە و ئەوەی فێربیوون جارێکی تر بیریاننەچێتەوە.

## ئەو ڕێگا و ستراتیژییانەی لە پرۆگرامەکەدا بەکارهاتوون:

توێژەر کۆمەڵێک ڕێگا و ستراتیژی پەروەردەی بۆ گەیشتن بە ئامانجی پرۆگرامەکە بەکارهێناوە، لەوانە:

- فێربوون بە لاساییکردنەوە (التعلم بالنمذجة)، توێژەر چالاکییەکە لەبەردەم منداڵەکە ئەنجامدەدات، بۆئەوەی سەیریبکات و پاشان لاسایبیکاتەوە.
- چالاکی یاری (انشطة اللعب)، یاریکردن پایەیەکی گرنگە بۆ گەشەپێکردنی هەموو لایەنەکانی منداڵ وەک لایەنی (کۆمەڵایەتی، زمانی، درکپێکردن، مەعریفی) بە مەبەستی دروستکردنی کەشێکی خۆش بۆ منداڵەکە و خۆشەویستکردنی چالاکییەکان لای منداڵەکە.
- فێرکردن بە بەکارهێنانی پاداشت (تعليم بالمعززات)، توێژەر لە کاتی جێبەجێکردنی ڕاهێنانەکاندا هەرکات منداڵەکە ڕەفتارێکی ڕاستی ئەنجامدا، پاداشتیدەکات، چونکە هەر ڕەفتارێک پاداشتبکرێت دووبارەدەکرێتەوە، پاش چەند جارێک دووبارە کردنەوەی دەبێت بە خوو لای منداڵەکە.
- پاڵپشتی وتەیی و جەستەیی (تحفيز اللفظي و البدني)، توێژەر چەند وتەی وەک ( ئافەرین، زۆرباشە، و دەست خۆش) ی بە ئیشارەت و هێمای دەم و چاو وەک (پێکەنین، جووڵاندنی سەر) بەکاردەهێنێت، بۆئەوەی منداڵەکە هەستبکات، کارێکی باشی کردووە.
- کەمکردنەوەی وەڵامەکان (تقليل الاستجابات)، بۆ نموونە دوو وەڵام بە منداڵەکە دەدەیت، تا یەکێکیان هەڵبژێرێت.

## ئەو ئامراز و کەرەستانەی لە پرۆگرامەکەدا بەکارهاتووە:

هەر ڕاهێنانێک کەرەستەی تایبەت بە خۆی دەستنیشانکراوە. جگە لەوەش چەندین (یاری جیاواز، بوکەڵە، کارتی تایبەت بە وێنەی ئاژەڵەکان ، وایت بۆرد.....هتد)، بۆئەوەی ڕاهێنانەکە زیاترسەرنجراکێشتر بکات.

## ماوەی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە:

ڕێکارەکانی پرۆگرامی ڕاهێنانەکە بە ئامانجی گەشەپێکردنی زمانی وەرگرتن جێبەجێکرا. شایەنی باسە، قۆناغی سەرەتایی چوار ڕۆژی خایاند. قۆناغی جێبەجێکردن سێ مانگ و نیوی خایاند. قۆناغی هەڵسەنگاندن (٢-٣) ڕۆژی خایاند. بەرنامەکە بە سێ قۆناغ جێبەجێکرا،کە بە کۆی گشتی کاتەکەی لە (٢٠٢٥/٣/٢٥ ) بۆ (٢٠٢٥/٨/١) بوو.

## شوێنی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە:

توێژەر پرۆگرامەکەی لە ( سەنتەری ئۆتیزمی حکومی)ی تایبەت بە منداڵانی ئۆتیزم لە پارێزگای سلێمانی جێبەجێکرد. ژوورێک بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە، کە بۆ ڕاهێنانی تاکی ئامادەکرابوو، تایبەتکرا بۆ ئەم مەبەستە. هەر منداڵێک بە شێوازی تاکی کاری لەگەڵدا کراوە، پاشان ڕاهێنانەکان بە شێوازی ئامادەکراو بە دایکەکان دراوە، بۆئەوەی لە ماڵەوە لەگەڵ منداڵەکاندا دووبارەیبکەنەوە و زیاتر سودی بۆیان هەبێت.

## هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکە:

هەڵسەنگاندن بۆ کاریگەری پرۆگرامی تیچ (TEACCH) لەسەر گەشەپێکردنی زمانی وەرگرتن لای منداڵانی ئۆتیزم کراوە و توێژەر پێش دەستپێکردنی دانیشتنی نوێ، دانیشتنی پێشووی بۆ زانینی ڕادەی کاریگەری پرۆگرامەکە هەڵسەنگاندووە، ئەویش لە ڕێگەی تێبینیکردن و پرسیارکردن لە دایکی منداڵەکە و تێبینیکردنی ڕاهێنەرانی منداڵەکە، هەروەها پرسیارکردن لە منداڵەکە سەبارەت بە بابەتی ڕاهێنانی پێشووتر.

## وردبینی و وەرگێڕانی پێوانکارەکان و پرۆگرامەکە:

لەبەرئەوەی پێوانکارەکان هەردووکیان جیهانین و بەهای بەرزیان هەیە، بۆیە توێژەر کۆپی زمانی ئینگلیزی وەرگرتووە و کەسی پسپۆڕی زمانی ئینگلیزی بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە، پاشان پسپۆڕێکی تر دووبارە بۆ زمانی ئینگلیزی وەریگێڕاوە و پسپۆرو شارەزا لە بوارەکەدا وردبینی وەرگێڕانی بۆ کردوون. سەبارەت بە پرۆگرامەکە، پسپۆڕێکی زمانی عەرەبی لە عەرەبی بۆ کوردی وەریگێڕاوە، پاشان پسپۆڕێکی تر دووبارە بۆ زمانی عەرەبی وەریگێڕاوە پسپۆڕ و شارەزا لە بوارەکەدا وردبینی وەرگێڕانی بۆ کردوون.

## شێوازی نمرەپێدانی پێوانکارەکان:

شێوازی وەڵامدانەوە لەسەر پێوانکاری جیلیام، کە (٥٨) بڕگەیە و لە (٦) ڕەهەند پێکهاتووە، ئەوانیش ڕەفتارە دووبارەبووەکان (١٣) بڕگە، کارلێکی کۆمەڵایەتی (١٤) بڕگە، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (٩) بڕگە، وەڵامدانەوەی سۆزداری (٨) بڕگە، شێوازی هزری (٧) بڕگە و زمانی نەگونجاو (٧) بڕگەن. بۆ وەڵامی هەر پرسیارێک لەسەر پێوەرەکە چوار وەڵام بە شێوەی هەڵبژاردن دیاریکرابوو، ئەوانیش (زۆربەی کات، تا ڕادەیەک، زۆر بەکەمی، بە هیچ شێوەیەک) نمرەی وەڵامەکان (٣،٢،١،٠) بوو، (زۆربەی کات نمرەی ٣ی بۆ دانراوە)، (تا ڕادەیەک نمرەی ٢ی بۆ دانراوە)، (زۆر بەکەمی نمرەی ١ ی بۆ دانراوە) ، (بە هیچ شێوەیەک نمرەی سفری بۆدانراوە) بەرزترین نمرە (١٧٤)ە، ناوەندی نمرە (١١٦) و نزمترین نمرە (سفر) بوو.

سەبارەت بە شێوازی وەڵامدانەوە لەسەر پێوانکاری فاینلاند، کە بۆ گۆڕاوی (زمانی وەرگرتن) لە (٣٩) بڕگە پێکهاتبوو، بۆ وەڵامی هەر پرسیارێک لەسەر پێوەرەکە بە هەڵبژاردنی لە پێنج وەڵامدا دیاریکرابوو، (هەموو کات، هەندێکجار، هەرگیز، تێبینیم نەکردووە، نازانم ) نمرەی وەڵامەکان (٢،١،٠) بوو، (هەموو کات نمرەی ٢ی بۆ دانراوە)، (هەندێکجار نمرەی ١ ی بۆ دانراوە)، (هەرگیز ، نمرەی سفری بۆ دانراوە)، (تێبینیمنەکردووە و نازانم هیچ نمرەیەکی بۆ دانەنراوە) بەرزترین نمرە (٧٨)ە، نمرەی ناوەندی (٣٩) و نزمترین نمرە (سفر) بوو. ئەمەش بۆئەوەی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بۆ ژمارە بگۆڕین و لە ڕێگای ئامرازە ئامارییەکانەوە شیکردنەوەیان بۆ بکەین.

## ئەنجامی توێژینەوەکە:

بە مەبەستی زانینی کاریگەری بەرنامەی تیچ (TEACCH) لەسەر گەشەپێکردنی زمانی وەرگرتن لای منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم. توێژەر هاوکێشەی ویلکۆکسۆن (Wilcoxon Signed Ranks) بەکارهێنا، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست، کە جیاوازی ئاماریی بەڵگەدار لە نێوان نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لە پێوەری وەرگرتن ($Z = -3.411$, $p = .001$) لە دیدی دایبابانەوە هەیە، ئەم ئەنجامە ئەوە دەخاتەڕوو، کە بەرنامەی تیچ (TEACCH) کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر گەشەپێکردنی زمانی وەرگرتن لای منداڵانی ئۆتیزم هەیە. خشتەی ژمارە (٣) کاریگەری بەرنامەی تیچ (TEACCH) لەسەر گەشەپێکردنی زمانی وەرگرتن لای منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم لە دیدی دایبابانەوە دەخاتەڕوو:

**خشتەی ژمارە (٣)**

| گۆڕاو | پلەبەندی Rank | ژمارە | ناوەندی پلەکان Mean rank | کۆی پلەکان Sum of Rank | ناوەندە ژمێری تاقیکردنەوەی یەکەم Pre-test | ناوەندە ژمێری تاقیکردنەوەی دووەم post-test | Z score | ئاستی ئاماژە | قەبارەی کاریگەری حجم التاثیر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | تاقیکردنەوەی یەکەم – تاقیکردنەوەی دووەم Pre-test - post test | | | | | | | | |
| وەرگرتن | نەرێنی | 0 | 0 | 0 | 31.93 | 47.93 | -3.411 | .001 | 0.88 |
| | ئەرێنی | 15 | 8 | 120 | | | | | |
| | هاوتا | 0 | | | | | | | |

**Mean Rank = Total Rank Sum ÷ Number of Ranks**

**ناوەندی پلەکان دەکاتە کۆی کۆکراوەی پلەکان دابەشی ژمارەی پلەکان**

توێژەر سەبارەت بە کاریگەریی بەرنامەی تیچ لەسەر گەشەپێکردنی زمانی وەرگرتن لای منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم ئەو جیاوازییەی لە ڕەهەندی وەرگرتن ڕاڤەکرد، کە لە تاقیکردنەوەی یەکەم (pre-test) و تاقیکردنەوەی دووەم (post-test)دا بەدەستهاتووە. وەک لە خشتەی سەرەوەدا خراوەتەڕوو، دەرئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی یەکەم (pre-test) و تاقیکردنەوەی دووەم (post-test)ی ڕەهەندی زمانی وەرگرتن جیاوازییەکی بەرچاویان دەرخست. توێژەر ئەو جیاوازییەی لە ڕەهەندی وەرگرتندا دەرکەوت، ڕاڤەیکرد، وەک لە خشتەی سەرەوەدا خراوەتەڕوو. ناوەندی ژمێرەیی لە ڕەهەندی وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی یەکەم (pre-test) (٣١,٩٣)یە، بەڵام لە تاقیکردنەوەی دووەم (post-test)دا بووەتە (٤٧,٩٣) و ئاستی ئاماژەی وەرگرتن (٠,٠٠١)ە و لە ئاستی ئاماژەی ئاماری (٠,٠٥) بچووکترە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە ئەم بەرنامەیە ڕۆڵێکی زۆر باشی لە بەرەوپێشبردنی زمانی وەرگرتنی منداڵانی نموونەی توێژینەوەکە هەیە. وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، قەبارەی کاریگەریی ڕەهەندەکە (٠,٨٨)ە، ئەمەش قەبارەیەکی کاریگەریی گەورەیە بەپێی پێوەرەکانی کۆهێن (پێوەرێکی ئامارییە، بۆ دەستنیشانکردنی هێز و قەبارەی کاریگەریی بەرنامەکە بەکاردێت) ئەوە دەردەخات، کە ئەم بەرنامەیە کاریگەرییەکی تەواو بەرچاوی لە بەرەوپێشبردنی توانای زمانی وەرگرتن لای منداڵانی ئۆتیزم لە دیدی دایبابانەوە هەیە.

سەبارەت بە دیدی ڕاهێنەران، بە هەمانشێوە دەرکەوت، کە جیاوازیی ئاماری لە نێوان نمرەکانی پێشەکی و پاشەکی گۆڕاوی وەرگرتن هەیە ($Z = -2.043$, $p = .041$)، ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ڕاپۆرتی دایباب هاوتایە، کە بەرنامەی ڕاهێنانەکە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر زمانی وەرگرتن لای نموونەی توێژینەوەکە هەبووە. خشتەی ژمارە (٤) کاریگەریی بەرنامەی تیچ (TEACCH) لەسەر گەشەپێکردنی زمانی وەرگرتن لای منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم لە دیدی ڕاهێنەرانەوە دەخاتەڕوو:

**خشتەی ژمارە (٤)**

| گۆڕاو | پلەبەندی Rank | ژمارە | ناوەندی پلەکان Mean rank | کۆی پلەکان Sum of Rank | ناوەندە ژمێری تاقیکردنەوەی یەکەم Pre-test | ناوەندە ژمێری تاقیکردنەوەی دووەم post-test | Z score | ئاستی ئاماژە | قەبارەی کاریگەری حجم التاثیر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | تاقیکردنەوەی یەکەم – تاقیکردنەوەی دووەم Pre-test - post test | | | | | | | | |
| وەرگرتن | نەرێنی | 3 | 6.67 | 20.00 | 37.86 | 44.66 | -2.043 | .041 | 0.528 |
| | ئەرێنی | 11 | 7.73 | 85.00 | | | | | |
| | هاوتا | 1 | | | | | | | |

توێژەر سەبارەت بە کاریگەریی بەرنامەی تیچ لەسەر گەشەپێکردنی زمانی وەرگرتن لای منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم هەستا بە ئەو جیاوازییەی لە ڕەهەندی وەرگرتن ڕاڤەکرد، کە لە تاقیکردنەوەی یەکەم (pre-test) و تاقیکردنەوەی دووەم (post-test)دا بەدەستهاتووە. وەک لە خشتەی سەرەوەدا خراوەتەڕوو. دەرئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی یەکەم (pre-test) و تاقیکردنەوەی دووەم (post-test)ی ڕەهەندی زمانی وەرگرتن جیاوازییەکی بەرچاویان دەرخست. ناوەندی ژمێرەیی لە ڕەهەندی وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی یەکەم (pre-test) (٣٧,٨٦)ە، بەڵام لە تاقیکردنەوەی دووەم (post-test)دا بووەتە (٤٤,٦٦) و ئاستی ئاماژەی وەرگرتن (٠,٠٤١)ە و لە ئاستی ئاماژەی ئاماری (٠,٠٥) بچووکترە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە ئەم بەرنامەیە ڕۆڵێکی زۆر باشی لە بەرەوپێشبردنی زمانی وەرگرتنی منداڵانی نموونەی توێژینەوەکە هەیە. وەک لە خشتەکەدا دەرکەوتووە، قەبارەی کاریگەری لە ڕەهەندی زمانی وەرگرتن (٠,٥٢٨)ە، ئەمەش قەبارەیەکی کاریگەر و ڕوونی بە پێی پێوەرەکانی کۆهێن هەیە و ئەوە دەردەخات ،کە ئەم بەرنامەیە کاریگەرییەکی تەواو بەرچاوی لە بەرەوپێشبردنی توانای زمانی وەرگرتن لای منداڵانی ئۆتیزم لە دیدی ڕاهێنەرانەوە هەیە.

لەبەر ڕۆشنایی خشتەکانی (٣ و ٤) و ئەم دەرئەنجامانە دەردەکەوێت، کە بەرنامەی تیچ لە دیدی دایبابان و ڕاهێنەران هەمان کاریگەریی ڕوون و بەرچاوی هەیە، بۆیە ئەم بەرنامەیە دەتوانرێت وەک بەرنامەیەکی سەرەکی لە سەنتەرەکان و لە ماڵەوەش وەک

بەرنامەیەکی بەهێز و سەرکەوتوو کاریپێبکرێت، ئەمەش ئامانج و گریمانەی یەکەمی توێژینەوەکە دەسەلمێنێت، کە جەخت لەسەر کاریگەریی بەرچاوی بەرنامەکە لەسەر لایەنی زمانی منداڵانی ئۆتیزم لە دوای جێبەجێکردنی بەرنامەکە دەکات.

توێژەر بۆ زانینی جیاوازیی ئاماری لە کاریگەریی بەرنامەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی نمونەی توێژینەوەکە و جیاوازیی نێوان ڕەگەزی سەبارەت بە کاریگەریی بەرنامەکە هاوکێشەی (Mann Whitney U test ) بەکارهێنا. وەك لە خشتەی (٥) دا خراوەتەڕوو، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست، کەجیاوازیی ئاماری بە ئاستی ئاماژەی (٠,٠٥) لە نێوان هەردوو ڕەگەز لە هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی نییە، بەو واتایەی هەردوو ڕەگەز هاوشێوەی یەک سوودیان لە بەرنامەکە بینیوە. خشتەی ژمارە (٥) زانینی جیاوازی لە کاریگەریی بەرنامەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی نمونەی توێژینەوەکە لە دیدی دایبابانەوە ڕووندەکاتەوە:

**خشتەی ژمارە (٥)**

| گۆڕاوەکان | تاقیکردنەوە | ڕەگەز | ژمارە | پلەی ناوەندژمێریی Mean Rank | کۆکراوەی پلەکان Sum of Ranks | Mann Whitney U | Z score | ئاستی بەڵگەداری | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| وەرگرتن | پێشەکی | نێر | 11 | 8.50 | 93.50 | 16.50 | -.785 | .43 | بەڵگەدار نییە |
| | | مێ | 4 | 6.63 | 26.50 | | | | |
| | پاشەکی | نێر | 11 | 8.41 | 92.50 | 17.50 | -.590 | .55 | بەڵگەدار نییە |
| | | مێ | 4 | 6.88 | 27.50 | | | | |

سەبارەت بە کاریگەریی بەرنامەی تیچ لەسەر گەشەپێکردنی زمانی وەرگرتن لای منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم (ڕەگەزی نێر) پێش بەرنامەکە وەک لە خشتەی سەرەوەدا دیارە، پلەی ناوەندی ژمێریی لای کوڕان (٨,٥٠)ە و پاش بەرنامەکە بووە بە (٨,٤١)، بەڵام زمانی وەرگرتن لای ڕەگەزی مێ پلەی ناوەندی ژمێریی (٦,٦٣)ە و پاش جێبەجێکردندنی بەرنامەکە بۆ (٦,٨٨) گۆڕاوە. لە هەردوو ڕەگەزدا ئاستی بەڵگەداری پێش جێبەجێکردندنی بەرنامەکە (٠,٤٣)یە و دواتر لە هەردوو ڕەگەزدا بووە بە (٠,٥٥)، واتە ئاستی بەڵگەداری لە هەردوو ڕەگەزدا بەڵگەدار نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لایەنی زمانی وەرگرتن لە لای هەردوو ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە وەک یەک سوودیان لە بەرنامەکە وەرگرتووە. لە دەرئەنجامی ئەم خشتەیەی سەرەوە ڕووندەبێتەوە کاریگەریی بەرنامەی تیچ لە دیدی دایبابانەوە لەسەر گەشەپێکردنی زمانی وەرگرتن لای منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم (لای هەردوو ڕەگەز) وەک یەکە، واتە هەردوو لا بەیەک ئاست سوودیان لە بەرنامەکە وەرگرتووە.

توێژەر بۆ زانینی جیاوازی لە کاریگەریی بەرنامەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی نمونەی توێژینەوەکە و جیاوازی نێوان ڕەگەزی سەبارەت بە کاریگەریی بەرنامەکە هاوکێشەی (Mann Whitney U test ) بەکارهێنا. وەك لە خشتەی (٦)دا خراوەتەڕوو، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست، کە جیاوازیی ئاماریی بە ئاستی ئاماژەی (٠,٠٥) لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا لە هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی نییە، بەو واتایەی هەردوو ڕەگەز هاوشێوەی یەک سوودیان لە بەرنامەکە بینیوە. خشتەی ژمارە (٦) زانینی جیاوازی لە کاریگەریی بەرنامەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی نمونەی توێژینەوەکە لە دیدی ڕاهێنەرانەوە ڕووندەکاتەوە:

**خشتەی ژمارە (٦)**

| گۆڕاوەکان | تاقیکردنەوە | ڕەگەز | ژمارە | پلەی ناوەندژمێریی Mean Rank | کۆکراوەی پلەکان Sum of Ranks | Mann Whitney U | Z score | ئاستی بەڵگەداری | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| وەرگرتن | پێشەکی | نێر | 11 | 7.91 | 87.00 | 21.0 | -.131 | .89 | بەڵگەدار نییە |
| | | مێ | 4 | 8.25 | 33.00 | | | | |
| | پاشەکی | نێر | 11 | 8.64 | 95.00 | 15.0 | -.916 | .36 | بەڵگەدار نییە |
| | | مێ | 4 | 6.25 | 25.00 | | | | |

سەبارەت بە کاریگەریی بەرنامەی تیچ لەسەر گەشەپێکردنی زمانی وەرگرتن لای منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم (ڕەگەزی نێر) پێش بەرنامەکە وەک لە خشتەی سەرەوەدا دیارە، پلەی ناوەندی ژمێریی لای کوڕان (٧,٩١)ە و پاش بەرنامەکە بووە بە (٨,٦٤)، بەڵام زمانی وەرگرتن لای ڕەگەزی مێ پلەی ناوەندی ژمێریی (٨,٢٥)ە و پاش جێبەجێکردنی بەرنامەکە بۆ (٦,٢٥) گۆڕاوە. لە هەردوو ڕەگەزدا ئاستی بەڵگەداری پێش جێبەجێکردنی بەرنامەکە (٠,٨٩)یە و دواتر لە هەردوو ڕەگەزدا بووە بە (٠,٣٦)، واتە ئاستی بەڵگەداری لە هەردوو ڕەگەزدا بەڵگەدار نییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لایەنی زمانی وەرگرتن لە لای هەردوو ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە وەک یەک سوودیان لە بەرنامەکە وەرگرتووە. لە دەرئەنجامی ئەم خشتەیەی سەرەوە ڕووندەبێتەوە کاریگەریی بەرنامەی تیچ لە دیدی ڕاهێنەران لەسەر

گەشەپێکردنی زمانی وەرگرتن لای منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم (لای هەردوو ڕەگەز) وەک یەکە، واتە هەردوو لا بەیەک ئاست سوودیان لە بەرنامەکە وەرگرتووە.

لەبەر ڕۆشنایی خشتەکانی (٥ و ٦)، دەردەکەوێت، کە بەرنامەی تیچ لە دیدی دایابان و ڕاهێنەران هەمان دەرئەنجام دەردەخەن، کە هەردوو ڕەگەز وەک یەک سوودیان لە بەرنامەکە وەرگرتووە و هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری لە نێوانیاندا نییە. ئەمەش ئامانج و گریمانەی دووەمی توێژینەوەکە دەسەلمێنێت ،کە جەخت لەسەر نەبوونی هیچ جیاوازییەک لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا لە ڕوانگەی کاریگەریی بەرنامەی تیچ لەسەر لایەنی زمانی منداڵانی ئۆتیزم لە دوای جێبەجێکردنی بەرنامەکە دەکاتەوە.

## گفتوگۆی ئەنجامەکان:

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر گەیشتە ئەو دەرئانجامەی کە:

١. پرۆگرامی تیچ (TEACCH) کاریگەریی بەرچاوی لە گەشەپێکردنی زمانی وەرگرتن هەیە.

٢. سەبارەت بە کاریگەریی بەرنامەکە هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە نێوان ڕەگەزی (نێر، مێ )ی منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم نییە، ئەمەش لەگەڵ توێژینەوەکانی( کعیبوش،٢٠١٩) هاوتایە،کە کاریگەریی بەرنامەی تیچ (TEACCH) لەسەر گەشەپێکردنی لێهاتوویی زمانی و کۆمەڵایەتی لای منداڵانی ئۆتیزم لە دیدی پسپۆڕانەوە دەسەلمێنێت، هەروەها توێژینەوەی (خولی، ٢٠٢١)، کە بەرنامەیەکی ڕاهێنان بۆ باشترکردنی زمانی وەرگرتن بۆ منداڵانی تووشبوو بە شەبەنگی ئۆتیزم دەسەلمێنێت. لەگەڵ ئامانجی بەرنامەی تیچ (TEACCH ) هاوتایە، کە ئامانجی گەشەپێکردنی منداڵانی ئۆتیزمە لە گشت لایەنەکان لەوانە لایەنی زمان. لێرەدا دەتوانین بڵێین، کە پرۆگرامی تیچ (TEACCH ) پرۆگرامێکی سەرکەوتوو و کاریگەرە بۆ گەشەپێکردنی لایەنی زمانی وەرگرتنی منداڵانی تووشبووی شەبەنگی ئۆتیزم.

## پێشنیار و ڕاسپاردەکان:

لە بەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانای، کە توێژەر پێیگەیشتووە، چەند پێشنیارێکی پەروەردەی دەخەینەڕوو:

١. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لەسەر نموونەی گەورە و تەمەنی جیاواز.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەی تر لەسەر گشت لایەنەکانی بەرنامەی تیچ.

هەروەها چەند ڕاسپاردەیەکی پەروەردەی دەخەینەڕوو:

١.جێبەجێکردنی پرۆگرامی تیچ (TEACCH) لە گشت سەنتەرەکانی تایبەت بە منداڵانی ئۆتیزم بەمەبەستی باشترکردنی گەشەی ئەم منداڵانە لە هەموو ڕوویەکەوە بە تایبەت توانستی زمان.

٢.وەرگرتنی خول و ڕاهێنان بۆ گشت مامۆستا و ڕاهێنەرانی ئەو بوارە لەسەر چۆنێتیی پراکتیزەکردنی ئەم بەرنامەیە و بەدواداچوون بۆ بەکارهێنانی بە شێوەیەکی کارا.

٣ .کردنەوەی خولی تایبەت بە بەرنامەی تیچ بۆ دایک و باوکی منداڵانی ئۆتیزم و جەختکردنە سەر پەیڕەوکردنی لە ماڵەوە .

٤ .جێبەجێکردنی بەرنامەکە بە شێوازی تاکەکەسی، کە وەک لەم توێژینەوەیەدا دەرئەنجامی زۆر باش بەدەستهاتووە.

## سەرچاوەکان:


**١.حەمە سوور، س. س. (٢٠٢٢) کاریگەری پرۆگرامی پۆرتاج لە گەشەپێکردنی لایەنی زمان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لای منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت (٤-٦) ساڵ لە باخچەی منداڵان و سەنتەرەکانی تایبەت. رسالة ماجستير غير منشورة، زانکۆی سلێمانی.**

**٢.أخرس، ن. م., سليمان، ع. س .و المولي، أ. م. (٢٠١٧) اضطرابات التواصل. الطبعة الأولى. الدمام: المركز الرئيسي، شارع المستشفى.**

**٣.الأنصاري، إ. ع .و صياح، م. ع. (٢٠٢١) 'الفروق في المفردات اللغوية الاستقبالية والتعبيرية لدى التلاميذ ذوي صعوبات القراءة ذوي التفريط التحصيلي بالصف الرابع الابتدائي** 2 **فبراير**', Arab Journal for Scientific Publishing (AJSP), (28), Available at: https://www.ajsp.net .

**٤.البحيري، ع. أ .و إمام، م. م. (٢٠١٩) اضطراب طيف التوحد: الدليل التطبيقي للتشخيص والتدخل العلاجي. الطبعة الأولى. القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية.**

**٥.الحيدر، هـ. ع. (٢٠١٣) تجربتي مع التوحد. الطبعة الثانية. الرياض: دار الحضارة للنشر والتوزيع.**

**٦.القمش، م. ن .و الجوالده، ف. (٢٠١٤) التدخل المبكر للأطفال المعرضين للخطر. الطبعة الأولى. عمان: دار الثقافة للنشر والتوزيع.**

**٧.بن قطاف، م .و بعيطاوي، ج. (٢٠٢١) 'فعالية برنامج تيتش في تنمية الوظائف المعرفية لدى الطفل المصاب بطيف التوحد', مجلة الجامع في الدراسات النفسية والعلوم التربوية, 6**(2), pp. 941–974. Available at: https://asjp.cerist.dz/en/article/168095

**٨.حسن، م. ش .و عامر، ر. ع. (٢٠٢٠) فنيات العمل النفسي العلاجي والتأهيلي مع طفل التوحد. القاهرة: دار عقل للنشر والدراسات والترجمة.**

**٩.رقيّة، خ .و اسمهان، ب. (٢٠٢١) استخدام برنامج "تيتش" في التكفل بالطفل التوحدي في الجزائر: مقاربة نقدية تحليلية. مذكرة ماجستير، جامعة وهران 2 محمد بن أحمد، كلية العلوم الاجتماعية، قسم علم النفس والأرطفونيا.**

**١٠.عمر، م. ك. أ. (٢٠١٢) الأطفال الأوتيستك، ماذا تعرف عن اضطراب الأوتيزم؟ الطبعة الأولى. عمان: دار الزهران للنشر والتوزيع.**

**١١.فاضل، ر. م. (٢٠١٥) فاعلية برنامج تدريبي باستخدام اللعب في تنمية بعض مهارات التواصل اللغوي لدى الأطفال ذوي اضطراب التوحد. رسالة ماجستير، جامعة دمشق، كلية التربية.**

**١٢.كعيبوش، ر. (٢٠١٩) فاعلية برنامج تيتش** (TEACCH) **في تنمية المهارات اللغوية والاجتماعية عند أطفال التوحد من وجهة نظر المختصين. رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة محمد الصديق بن يحيى – جيجل، الجزائر. بإشراف كعبار جمال**Available at: https://www.scribd.com/document/739135412 .

**١٣.محمد، ع. ع. (٢٠٢٢) تعليم الأطفال ذوي اضطراب التوحد: دليل الأخصائيين والمعلمين والمربين. الطبعة الأولى. القاهرة: مؤسسة حورس الدولية.**

**١٤.منيب، ت. م., الشلوي، ع. م .و الكيلاني، ا. أ. (٢٠١٢) 'تقنين مقياس المهارات اللغوية (الاستقبالية والتعبيرية) للأطفال التوحديين', مجلة القراءة والمعرفة, 134**, pp. 225–252. Available at: http://search.mandumah.com/Record/191780

**١٥.الخولي, م. ف. م. (2021). برنامج تدريبي لتحسين اللغه الاستقباليه والتعبيريه للأطفال المضطربين بطيف التوحد.** ***مجلة كلية التربية بالمنصورة***, *116*(2), 861-900. doi: 10.21608/maed.2021.235740

١٦. الثبيتي، م. أ. ر.، التهامي، ا. س. ي.، و منيب، ت. م. (٢٠١١). مقياس المهارات اللغوية (اللغة الاستقبالية والتعبيرية) لدى عينة من الأطفال ذوي الإعاقة العقلية المتوسطة. مجلة القراءة والمعرفة – مصر، (119)، 111–142. http://search.mandumah.com/Record/106760

17.Gilliam, J.E. (2014) Gilliam Autism Rating Scale (3rd ed.) GARS-3: Summary and response form. Austin, TX: Pro-Ed.

18.Mesibov, G.B. and Shea, V. (2010) 'The TEACCH Program in the Era of Evidence-Based Practice', Journal of Autism and Developmental Disorders, 40(5), pp. 570–579. Available at: https://doi.org/10.1007/s10803-009-0901-6

19.Sparrow, S.S., Cicchetti, D.V. and Saulnier, C.A. (2016) Vineland Adaptive Behavior Scales (3rd ed.; Vineland-3). Bloomington, MN: Pearson Assessments.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL
For Languages and Humanities

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-01-01

# The Effect of the TEACCH Program on the Development of Language Receptive Language Skills in Children with Autism Spectrum Disorder (Extracted from MA Thesis)

**Nazanin Ali Ahmed, Karim Sharif Qarachatani**

Department of Special Education, Basic Education, University of Sulaimani, Kurdistan Region - Iraq

**Article Info**

| Received | **July, 2025** |
|---|---|
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | **Novemer, 2025** |

**Keywords**

**(TEACCH) Program, Autism, Effectiveness, Receptive Language,**

**Corresponding Author**

Nazanin.16002906@univsul.edu.iq
Kareem.abdulla@univsul.edu.iq

## Abstract:

This study aims to investigate the effectiveness of the TEACCH educational program in developing language skills (Receptive ) in children with autism spectrum disorder before and after it's implementation, to determine the differences in the effect of the program according to gender. The study hypothesizes that children with autism would show significant improvements in language development outcomes after participating in the TEACCH program compared to their pre-program outcomes. Moreover, the effectiveness of the program is similar across different genders. The study was conducted at the center of Sulaimaniyah province during the year (2024-2025), at the autism center. The sample were (15) autistic children (11) boys and (4) girls aged between (5-12) years. In the study a quasi-experimental design with one experimental group and pre- and post-tests was employed. The study's tools included the Gilliam Scale (to confirm the diagnosis of the sampled children), the Finland Scale of receptive and language domains used before and after the program. Additionally, the TEACCH program's linguistics domain was utilized to assess its effect on the sampled children. All tools were translated, validated, and tested for reliability prior to application. Moreover, SPSS software to analyze the data and information obtained. The results demonstrated that TEACCH program has a significant impact on the development of receptive skills in children with autism.